

# کەی، لە کوێ و چۆن
# – دەربارەی هەڵبژاردنی 2026

ئەمە زانیارییەکی کورتە سەبارەت
بە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمان،
ئەنجومەنی پارێزگا و ئەنجومەنی شارەوانی
لە ساڵی 2026 دا.

هەموو ئەو زانیاریانەی
پێویستت پێیانە
بەردەستن لە ماڵپەڕی
uppsala.se/val2026

Uppsala kommun

Sorani



# 2026 کاتی هەڵبژاردنەکان

## بۆ پەرلەمان، ئەنجومەنی پارێزگا و ئەنجومەنی شارەوانییە.

### بۆچی پێویستە دەنگ بدەیت

تۆ بەشدار دەبیت لە بڕیاردان لە سوید و لە ئوپسالا

- لە هەندێک ناوچە و لە ناو هەندێک گرووپدا، خەڵک کەمتر لەوانی تر دەنگ دەدەن. بەڵام هەموو دەنگەکان وەک یەک گرنگن.
- تۆ کاریگەریت دەبێت لەسەر ئەو شتانەی کە بۆت گرنگن.

### کێ بۆی هەیە دەنگ بدات؟

تۆ بۆ **پەرلەمان** دەتوانیت دەنگ بدەیت ئەگەر تۆ:

- تا ڕۆژی هەڵبژاردن تەمەنت 18 ساڵ بێت
- هاووڵاتیی سوید بیت
- لە سوید لە تۆماری دانیشتووان ناوت تۆمار بێت یان پێشتر کرابێت.

**پەرلەمان** بۆ نموونە لەسەر یاساکان لە سوید بڕیار دەدات. کاتێک بۆ پەرلەمان دەنگ دەدەیت، **پسوولەیەکی زەردی دەنگدان** هەڵدەبژێریت.

تۆ بۆ **ئەنجومەنی پارێزگا و شارەوانی** دەتوانیت دەنگ بدەیت ئەگەر تۆ تەمەنت 18 ساڵ بێت و لە شارەوانییەکە یان پارێزگاکەدا لە تۆماری دانیشتووان تۆمار کرابێت.

هەروەها پێویستە یەکێک لەم مەرجانەی خوارەوەت تێدا بێت:

- هاووڵاتیی سوید بیت
- هاووڵاتیی یەکێک لە وڵاتانی ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا، ئایسلەندا یان نەرویج بیت
- هاووڵاتیی وڵاتێکی تر بیت جگە لەوانەی کە پێشتر ئاماژەیان پێ کرا، یان بێ وڵاتنامە بیت و، بۆ ماوەی سێ ساڵی لەسەریەک بەر لە ڕۆژی هەڵبژاردن، لە سوید لە تۆماری دانیشتووان تۆمار کرابێت.

**ئەنجومەنی پارێزگا** بۆ نموونە بڕیار لەسەر دەدات نەخۆشخانەکان و هاتوچۆی گشتی، وەک پاسەکان. کاتێک تۆ بۆ ئەنجومەنی پارێزگا دەنگ دەدەیت، **پسوولەیەکی شینی دەنگدان** هەڵدەبژێریت.

**ئە نجومەنی شارەوانی** بۆ نموونە بڕیار لەسەر قوتابخانە، کتێبخانەکان، چاودێریی بەساڵاچووان، پارکەکان و مەلەوانگەکان دەدات. کاتێک دەنگ بۆ ئەنجومەنی شارەوانی دەدەیت **پسوولەیەکی سپی دەنگدان** هەڵدەبژێریت.

### بەم شێوەیە دەزانیت کە دەتوانیت دەنگ بدەیت

- کارتی دەنگدانەکەت (röstkort) بۆ سندووقی نامەی دیجیتاڵییەکەت دێت، یان لە ڕێگەی پۆستەوە بۆ ماڵەکەت دەنێردرێت. کارتی دەنگدانەکە پێت دەڵێت کە لە چ هەڵبژاردنێکدا مافی دەنگدانت هەیە و لە ڕۆژی هەڵبژاردندا دەبێت لە کوێ دەنگ بدەیت.

## کاتێک تۆ دەنگ دەدەیت

- ڕۆژی هەڵبژاردن **یەکشەممە 13 ی سێپتەمبەری 2026** ە. لەو ڕۆژەدا دەتوانیت لە بنکەی دەنگدانەکەت، کە لەسەر کارتی دەنگدانەکەت نووسراوە، دەنگ بدەیت.
- تۆ هەروەها هەر لە چوارشەممە 26ی ئۆگستەوە دەتوانیت **پێشوەختە دەنگ بدەیت**. لەم کاتەدا دەتوانیت لە هەر بنکەیەکی تایبەت بە دەنگدانی پێشوەختە (förtidsröstning) دەنگ بدەیت.  بنکەکانی دەنگدانی پێشوەختە لە uppsala.se/val2026 دەبینیتەوە کاتێک هەڵبژاردن نزیک دەبێتەوە.
- کاتێک دەنگ دەدەیت، **بەڵگەنامەیەکی ناسنامە** وەک پاسپۆرت یان مۆڵەتی شۆفێری لەگەڵ خۆت ببە. ئەگەر هیچ ناسنامەیەکت نەبێت هاوڕێیەکیش دەتوانێت پشتڕاستی بکاتەوە کە تۆ کێیت.

## تۆ بۆ دەنگدان دەتوانیت یارمەتی وەربگریت


- ئەگەر بە هۆی نەخۆشی، کەمئەندامی یان تەمەنەوە بۆ شوێنێکی دەنگدان ناتوانیت بچیت، کارمەندانی وەرگرتنی دەنگ بۆ ماڵەکەت دەتوانن بێن. لە **uppsala.se/val2026** زانیاریی زیاتر هەیە.
- ئەو کارمەندانەی وەرگرتنی دەنگ کە لەو شوێنانەی تێیدا دەنگ دەدەیت کار دەکەن، دەتوانن وەڵامی پرسیارەکانت بدەنەوە و یارمەتیت بدەن. ئەوان ئەرکی پاراستنی نهێنییان هەیە و هەروەها بۆ ئامادەکردنی دەنگەکەت دەتوانن یارمەتیت بدەن.




# بەم شێوەیە پرۆسەی دەنگدان بەڕێوە دەچێت

ئەگەر پرسیارێکت هەیە یان بە یارمەتی پێویستیت هەیە، لەگەڵ کارمەندێکی وەرگرتنی دەنگ قسە بکە.


## 1 زەرفەی دەنگدان وەربگرە




## 2 بەتەنیا پسولەی هەڵبژاردنەکەت هەڵبژێرە




## 3 بەتەنیا لە پشتی پەردەی دەنگدانەوە برۆ




## 4 دەنگەکەت ئامادە بکە



## 5 زەرفەکانی دەنگدان و ناسنامەکەت ڕادەست بکە



## 6 دەنگەکانت وەردەگرین



# تۆ بۆ دیموکراسی پێویستیت!

زانیاری زیاتر دەربارەی هەڵبژاردن، بۆ نموونە دەتوانیت لەم شوێنانە بدۆزیتەوە:

- www.val.se
- www.uppsala.se/val2026
- www.8sidor.se/partierna
  (بە سویدییەکی ئاسان لەبارەی پارتەکانی پەرلەمان)
- www.mittval.nu

لێرە بە چەندین زمانی
جیاواز زانیاری بەردەستە.